# ئای لەو کارەساتە، خەڵکی بە گێل بزانیت

**حاجی ئەنوەر**
2007/10/8 سویسرا
Hajianwar54@yahoo.de

مەبەستم لە بڵاوکردنەوەی بابەتی(با چیتر ڕاستیەکانتان لێنەشارینەوە) ئاگادار کردنەوەی خەڵکی بوو لە بەشێک لەو کێشانەی کە توشی چاک بووە. تا لەو ڕێگایەوە ڕۆشنبیرانی بەرەی گەل و خەمخۆران، هەوڵی دۆزینەوەی ڕیگاچارەیەک بدەن تا ئەم ڕێکخراوەیەش بەدەردی ڕێکخراوەکانی تر نەچێ .



لە خاڵی 12 داوام لە ئەندامانی چاک و سەرپەرشتیار کردوە ڕەخنەو بێ پرەنسیبیەکانی زۆرینەی دەستەی بەڕیوبەر دەستنیشان بکەن تا بە هەمومانەوە بتوانین تەواوی هۆکانی ئەم لێک دورکەوتنەوەیەی کە لەچاکدا ڕوویداوە، دەستنیشان بکەین، ئەوکات دەتوانین خۆمان لە گەندەڵی و نارێکخراوی ڕزگار بکەین و یەکپارچەی چاک بپارێزین .

یەکەمین کەسێک کە هات و دەستی دایە قەڵەم کاک ڕەفعەت هەڵەبجەی بوو، بەڵام بەداخەوە نەک بەئەرکی ڕێکخراوەی و دڵسۆزانەی خۆی هەڵنەستاوە بەڵکو لەبری چاک و دۆستەکانی بڕیاری نادروست و پڕگومانی داوە کە لێرەدا بە پێی خوێندنەوەی خۆم هەوڵی هەڵسەنگاندنی نوسینەکەی ئەدەم .

1 ــ من وەکو ئەندامێکی کۆمیتەی سویدی ناوەندی چاك زۆر لە نزیکەوە وبەووردی ئاگام لە کێشەکانی ئەم ناوەندەبووە بۆیە حەز دەکەم وەکو کەسێکی بێ لایەن باس لەو قەیرانە بکەم و نەهێڵم هیچ کەسێك لە ودوو کۆتلەیە ئێوەی بەڕێز چەواشە بکات. ( کاک ڕەفعەت هەڵەبجەی . کوردستان پۆست )

ئەگەر هەرکەسێک بەئا ستەم ئاگاداری کێشەکانی ناو ناوەندی هەڵەبجەبێت دەزانێت کە کاک ڕەفعەت نەک بێلایەن نیە بەڵکو بەشێکە لە کێشەکان و بە جیالە لە هەرکەسێکی ترلەهەوڵی بەئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانی خۆیەتی لە ڕێگای جۆراو جۆرەوە. ئەو پەردەیەی کاک ڕەفعەت خۆی لەژێردا شاردوەتەوە ئەوەندە تەنک و ڕەنگ ئاوییە شتێک نەماوە دەرنەکەوێت .
ئاخر کەسێک ئەوەندە چاونەترس بێت خۆی وەک کەسێکی بێلایەن بناسێنێت ، لەکاتێکدا چەندین دۆکۆمێنت هەیە لەسەر لایەنداری ئەو بەڵام بەمەبەستی دیاری کراوەوە.

لەگەڵ ئاڵۆزبونی کێشەکان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی دا. بەڵام ڕۆژانی دواتر دەریخست مەبەستی ئەو هەوڵانە تەنها دەرکەوتن و گەیشتنە بە شوێنی بڕیار ، لەم کارەشیدا سەرکەوتو بوو، وە جێگایەکی هەڵبژارد کە بەئاسانی دەتوانێت مەبەستەکانی جێبەجێ بکات و ئێستاش لەو جێگەیەدا قسەکەر و بەڕێوبەرە .

نەهێڵم هیچ کەسێك لە ودوو کۆتلەیە ئێوەی بەڕێز چەواشە بکات . کاک ڕەفعەت ڕاستی کرد کە ڕێگای لە هەردوو جەمسەر( بە قەولی خۆی ) دەگرێت کە کەس چەواشەنەکرێت، چونکە ئەو چەواشەکاریەی بەموڵکی خۆی داناوە و بەکردەوە ئەوکارەی کرد، بەڵام ئەمجارەیان نەشارەزایانە، بەپێچەوانەی ئەو دەورەی لە کۆبونەوەی گشتیدا دەیبینێ .

چەواشەکاریەکانی کاک ڕەفعەت هەڵەبجەی

1 ــ ئەسڵی کێشەکان دەبەستێتەوە بۆ ناکۆکی و کێشەی شەخسی ، ئەم تێڕوانینە ئەگەرچی لەگەڵ لۆژیکدا نایەتەوە، لە هەمانکاتدا سوکایەتیە و بەگێل زانینی ئەندامانی چاکە، کە دەتوانم بڵێم، هەرهەموو مرۆڤی هۆشیار وخاوەن ئەزمونی کاری سیاسی و ڕێکخراوەین و خوێندەواری پلە بەرزن، کە چەندین ئەندام خاوەنی بڕوانامەی ماجستێر و چەندینی تریش

خوێنکاری دکتۆران ، بە چ لۆژیکێک ئەو کەسانە دەکەونە ژێرکاریگەری ناکۆکیەکی دووکەسەوە کە چەندمانگ لەوە و پێش هاورێیی یەکتری بوون ؟ .
بەڵام کاک ڕەفعەت بۆ وادەڵێت ؟ .
بەرێزیان بەسود وەرگرتن لەوکێشە جۆراوجۆرانەی کە دەرگیری چاک بوە و زۆربەی هاورێیانی بێزارو ماندوکردوە . ئەمرۆ وەک مرۆڤێکی ئاکتیڤی یاساناس و لێکۆڵەرەوی ناو ژوورەکانی پاڵتاڵک ، بوەتە شۆڕەسواری مەیدان و بەسود وەرگرتنیش لە بێدەنگی زۆربەی هاورێیان.
ئەو هاتوە هەمو هەوڵەکانی لە دادگای فرانس ڤان ئەنرات و کۆششەکانی کۆمیتەی سویدا کۆکردوەتەوە، ئەگەر چی ویستویەتی خۆی بەو دێرە بدزێتەوە کە دەڵێت لێرەدا دەرفەت نیە بۆ ئێوەی بەرێزی باس بکەم .
دەبو لانیکەم یان باسی هیچ کۆمیتەیەکی نەکردایە یان کەباسی کردوە باسی ناوەندی هەڵەبجەی بکردایە . بەڵام خۆ ئەمە بە بەرێکەوت نیە. تەنها باسی کۆمیتەی سویدی کردوە .
بەرێزیان وەک ئەندامێکی کۆمیتەی سوید دەیویست وانیشان بدات کە ئەوە تەنها کۆمیتەی سویدە کارو هەڵسوڕان دەکات و کۆمیتەکانی تر ئاکتیڤ نین،بەمەش لەلایەکەوە چەپۆکی غەدارانەی خۆی بگەیەنێتە کۆمیتەکانی تر و هەندێک لەئەندامانی دەستەی بەرێوبەر، لەلایەکی ترەوە هەم پاساو بۆ ئەو قسەیەی بهێنێتەوە کەدەڵێت جەمسەری علی سیاسی لەسەر هەڵدانی کێشەکانەوە تاکو ئێستا لەچالاکی کردن نەوەستاون وبەردەوامن بەڵام لاکەی ترچالاکیان نەبووە یان زۆر دەگمەن بووە هەم شەرعیەت بەو سوکایەتیە بدات کە هاورێیانی کۆمیتەکانی تر جەمسەری علی سیاسین ، کە لە زمانی سیاسی و ئەدەبی کوردیدا.( لەگەڵ ڕێزو خۆشەویسیم بۆ هاورێیانم لە کۆمیتەکانی چاکدا) بە پیاو یان خزمەتکار دەدرێتە قەڵەم .
من تەنها باسی سویسرادەکەم و کارو هەڵسوڕانەکانی کۆمیتەکانی تر بەرز دەنەخشێنم ، دەکرێت خۆیان باسی بکەن .
موهاتەرات کە سیاسەتێکی دۆڕاوانە و ڕیسوای بەدواوەیە و خۆزلکردنەوەش کە ئەنجامەکەی پوکانەوەیە، ئەگەر لە هەرجێگەیەکدا کاریگەری بوبێت، ئەوا لەناو چاکدا بێمانایە و ڕسوای دەکەین . کۆمیتەی سویسرا لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕێگای گەندەڵچی و تەکەتولەوە دەیان کێشەی بۆ خوڵقێنرا، بەڵام لە کارو چالاکی خۆی نەکەوتوە و بەردەوامیشە . ئەوەی کۆمیتەی سویسرا جیادەکاتەوە لە موهاتەراتچیەکان باوەڕنەبونمانە بەو فوکردنەخۆ و خۆزلکردنەوە ، هەر کارێکیشمان کردبێت کاری ڕێکخراوە و ئەرکی ئنسانیمانە . پرۆتستۆکردنی پەیماننامەی لۆزان کە بەشاهیدی دۆست ودوژمن کە دوای بەدادگای گەیاندنی بازرگانی مەرگ( ئەنرات ) کاریگەرترین کارێک بوە کە چاک ئەنجامی داوە ، بەڵام نەهاتین ئەمە بکەینە هەرایەکی ئیعلامی و خۆمانی پێوەبابدەین ( کەمینەی دەستەی بەرێوبەر لە پرۆتستۆی پەیماننامەی شومی لۆزاندا ، لەسەرەتادا پەیمانی بەشدارکردنیان دا بەڵام چەندرۆژ پێش 7/24 موقاتەعەیان کردین) ، چەندین کۆبونەوە و پەیوەندی دپلۆماسی لەگەڵ ڕێکخراو کەسایەتیە بیانیەکانی دڵسۆز بە کێشەی کورد و بەردەوام بونمان ڕێگایەکی دوورودرێژە و دەیان هەزار میلیش بەهەنگاوێک دەست پێدەکات ، زۆرهەبوون لاف وگەزافیان لێدەداو لە هەنگاوەکانی سەرەتادا کۆڵیاندا و جێیان هێشتین . لە چەند مانگی داهاتوشدا کەسانێک هەن بای بای مان لێدەکەن و ناویان بزردەبێت .
1 ـ ئەو هەرگیز بێلایەن نیە ، چونکە بێلایەن کەسانێکن کە تەرەف داری هیچ لایەک نەبن و بەشێوەیەک لە شێوەکان نارەزایەتی خۆیانیان دەربرێبێت بۆ نمونە هاورێ رووناک ئەحمەد نامەی14 سێبتێمبر ( من بۆ خۆم لە هەموو کۆبونەوەکانی بەرەی چاکسازیدا بەشدارم و بەتەواوی توانامەوە هەوڵی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەک ئەدەم لەپێناوی چاکسازیدا) .
2 ـ بەرێزیان دەڵێت باس لەو قەیرانە بکەم و نەهێڵم هیچ کەسێك لە ودوو کۆتلەیە ئێوەی بەرێز چەواشە بکات. ( کاک ڕەفعەت هەڵەبجەی . کوردستان پۆست ) .

کاتێک کاک ڕەفعەت ووشەی ئێوەی بەڕێزی بەکار هێناوە دەبوو لانیکەم ڕێزی لەو پەیمانە بگرتایە کە بەرامبەر خوێنەرانی بابەتەکەی داویەتی.

وەک ئەو دەڵێت جەمسەری سەرپەرشتیار، کە من پێموانیە ئەو کەسانە خۆیان بە جەمسەری سەرپەرشتیار بزانن . چەندین جارهاوڕێیان ئاگاداریان کردوم کە ئەوان باوەڕیان بە کاک عەلی مەحمود نەماوە و جارێکی تر هەڵەی واناکەن دەنگی پێبدەن و وەک مار بیئاڵێننە گەردنی خۆیان( کاک عەلی خۆیشی هەستی بەوەکردوە و لە چەندین شوێنی جیاجیادا باسی کردوە کە جارێکی تر خۆی کاندید ناکاتەوە لەهەمانکاتدا کاک ڕەفعەتیش هەموجارێک تآکید لەوەدەکاتەوە کە کاک عەلی و قادرمان دورخستوەتەوە و هیچ دەورێکیان نەماوە) . بەڵام کاک ڕەفعەت هاتوە ئیتر بەهەرمەبەستێکەوە بووبێت کە لەداهاتویەکی نزیکدا دەردەکەوێت ، وەک زۆرینە ناساندونی ، لەهەمان کاتدا زۆرینەی وەک کەمینە ناساندوا جەمسەری سالار سۆفی لە کەمینەی ئەندامانی چاك و 8 ئەندامی بەڕێوەبەرپێك هاتووە کە ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوەن .( 1- سالار سۆفی جێگری سەرپەرشتیار 2- دلێر محمد کارگێڕ 3- چنوور صدیق کارگێڕ 4-تاهیر ڕەحیم کارگێڕ 5- صلاح گەرمیان کارگێڕ 6-حاجی ئەنوەر کارگێڕ 7- ئەمیر قادر کارگێڕ بەڵام ئیستیقالەشی داوە 8- هێمن ڕؤوف بەرپرسی کۆمیتەی سویسرا

بەداخەوە کاک ڕەفعەت وەک چۆن لە لێکۆڵینەوە لەسەر گەندەڵی ناو کۆمیتەی سویسرا فاشل بوو، لەم مەئموریەشیدا ڕاسب بووە . چونکە جگە لەو 8 ناوە، ئەندامێکی سەرەکی دەستەی بەڕیوبەر و بەرپرسی گشتی دارای ناوەند هاوڕێ جیهاد حەمەکەریمی لەبیر چوە، کە هێشتا لەژیاندا ماوە کەچی وا چەندین ڕۆژ بەسەر نوسینەکەیدا تێپەڕی و ئاگاداریشم کردەوە، بەڵام ڕونکردنەوەیەک یان داوای لێبوردنی نەکردوە . ئایا ئەمە چەواشەکاری نیە ؟ . ئایا بەڕێزیان هۆی چیە ئەو هاوڕێیەی لەبیر چوە ؟ وەڵام بۆ کاک ڕەفعەت بەجێدەهێڵم .

3 ـ جەمسەری علی سیاسی.

ئائەمە کۆمیدیای سیاسی، دەبوایە کاک ڕەفعەت <u>جەمسەرەکەی علی سیاسی</u> دیاری بکردایە تا بمانزانیایە کێن ئەو جەمسەرە! . ئایا ئەو کەس وکۆمیتانە خۆیان بە جەمسەری کاک علی سیاسی دەزانن، بە قەولی بەڕێزیان ؟ . ئایا کاک ڕەفعەت مۆڵەتی وەرگرتوە لەو کەس و کۆمیتانە کە بەجەمسەری کاک عەلی مەحمودیان بداتە قەڵەم ؟ . ئەی ئەگەر ڕۆژێک ئەو کەس و کۆمیتانە دژ بەو سوکایەتی پێکردنەی کاک ڕەفعەت هاتنە وەڵام و وتیان ئێمە بۆ خزمەتکردن بە دۆزی گەلەکەمان هاتوینەتە ناو چاک نەک بۆ ناوزڕاندنمان و کردنمان بە جەمسەری ئەم و ئەو . ئایا نەیدەزانی ئەندامانی کۆمیتەکان خۆبەخشانە و جیاوازتر لە هەندێک بەرژەوەند پەرست هەوڵی و خەباتی خۆیان دەکەن ؟ . هەڵوێستی جوامێرانە و دڵسۆزانەی دەستەی بەڕێوبەری کۆمیتەی نەرویج و لە داهاتوشدا کۆمیتەکانی تر وەڵامی ڕسواکەرانەی هەرکەس و تاقمێک ئەداتەوە کە سوکایەتی بە چاک و ئەندامانی بکات و بیەوێت چاک بۆ مەبەستی شەخسی و وابەستەی و بەلاڕێدا ببات.

4 ـ جەمسەری سالار سۆفی کە کۆمیتەی سویسرا بەشێك بوون لەوان کێشەیەکی داراییان هەبوو کە بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2 ساڵ لەمەوبەرهێنایانە ناوکێشە شەخصییەکەوەو پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێت چارەسەر بکرێت ناوەرۆکی کێشەکەش دیار نەمانی نزیکەی 1500 دۆلارە لەنێوان بەرپرسی دارایی وبەرپرسی کۆمیتەی پێشوودا کە لە کەمپینێکدا کۆیان کرد بووەوە ئەویش بە شێوەیەکی کەمتەرخەمیانە بەبێ وەسڵ خەرجیان کردبوو.

پرسیارێك لە خوێنەرانی ئەم بابەتە و هەموو ئەندامان و دۆستانی چاک دەکەم. ئایا کۆمیتەی سویسرا و هەر کۆمیتەیەکی تر مافی خۆیان نیە پرسیار لە داهات و خەرجی کۆمیتەکەیان بکەن ؟
.

ئایا حەرام بونی ئەو جۆرە پرسیارانە مانای تەشەنەی ئایدزی گەندەڵی نیە لە ڕێکخراودا ؟ .

ئەی نەدەبو کاک ڕەفعەت بیوتایە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا کۆمیتەی سویسرا دەیان نامە و داواکاری و هانایان بۆ چاک بردوە تا کۆمەکیان بکەن و لەو کێشە شورەییەی گەندەڵی ڕزگاریان بکەن .

کاک ڕەفعەت راست دەکات کێشەی گەندەڵی لە سویسرا ڕوویداوە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2 ساڵ لەمەو بەر( نامەکانی 4/4 ـ 4/19 ـ 5/10 ـ 8/4 و دەیان ئیمایل ). بەڵام ئەی بۆ لێرەدا باسی ئەوەی نەکردوە کێشەکان بۆ چارەسەر ناکرێن؟ .

لە کاتێکدا دۆکۆمێنتی تەواویان لەبەردەستدا بوە ، داوتریش لەدەرەوەی لێکۆڵینەوەکە قسەیەکی تریان کردوە . ( بەڵگەی قاتع هەیە کە سکاڵا لێکراویان بە پارەخۆر ناسیوە ووتیان دەبێت لە چاکدا دەربکرێت . بەڵام بەهۆی تەکەتول و پشتیوانی لێکردنیەوە، هەروەک چۆن لەناو ینک و پدک دا دەکرێت و گەندەڵیەکانی ناو چاکیشی بەهەمان گەندەڵی ناو ینک و پدک وەسفکردوە ) .

5 ـ دیار نەمانی نزیکەی 1500 دۆلارە لەنێوان بەرپرسی دارایی وبەرپرسی کۆمیتەی پێشوودا .

کاک ڕەفعەت لێرەشدا خۆی لەڕاستیەکان گێل کردوە و نەیتوانیوە نەک وەک لێکۆڵەرەوەک بەڵکو وەک مرۆڤێکی ئازاد بگاتە بڕیارێک . ئەو دەڵێت نەمانی نزیکەی 1500 دۆلار( 1500 دۆلار نیە بەڵکو زیاترە )، چ کاک ڕەفعەت و چ هەردوو ئەندامەکەی تر( گۆران هەڵەبجەی و هیشام ئاکرێی) کە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کۆمیتەی سویسرا ناڕەزایەتیمان بەرامبەر شێوەی بەڕیوەبردنی لێکۆڵینەوەکان و پشتیوانی لە سکاڵالێکرا و خۆدزینەوە لە ڕاستیەکان دەربڕی و دواتریش بۆ جارێکی تر بە نامەیەکی فەرمی ناڕەزایەتیمان دەربڕی9/17 . لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆریان دا کە کێشەکە بەبەرژەوەندی گەندەڵچیەکان بشکێننەوە، بەڵام نەیانتوانی و سەرئەنجام هەرسێکیان کاک ( ڕەفعەت هەڵەبجەی ـ گۆران هەڵەبجەی ـ هیشام ئاکرێی) گەیشتنە ئەو ڕێکەوتنەی کە بڕی 2643 فرانکی سویسری ونبوە . بەڵام نەهاتن بڵێن کێ وونیکردوە !! چۆن وون بوە!! . داواکارم لە کۆمیتەی سویسرا کەیسی گەندەڵی ناو کۆمیتەکەمان بخاتە بەردەستی دڵسۆزانی بەرەی گەل بە تەواوی بەڵگەکانەوە( بە بڵاوکردنەوەیCD و نامەشەرمەزاری و تۆمەت و دوکانی.......... و شتەکانی تریش) . تکاش لە ئەندامانی چاک دەکەم هەر بەڵگەیەکیان لەو بارەیەوە لایە بڵاوی بکەنەوە، تا ناوەند بە پاکی و جوانی و خۆبەخشی و یەکگرتو بهێڵینەوە .

6 ـ بەڕێزانەی لای خوارەوە تا بەستنی کۆنگرە لە بەر پرسێتی لابرێن وچالاکی نەکەن بەزۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا . ( جەمسەری علی سیاسی کە علی وقادر) بوون ڕازی بوون بەڵام( جەمسەری سالارسۆفی کە) ( سالارو دلێرو تاهر وصلاح و حاجی ئەنوەر ) بوون ڕازی نەبوون پێیان لەسەر خواستەکانی خۆیان داگرت .

ئەگەر کاک ڕەفعەت و ئەوانەی لە پشتی کێشەکانەوەن لە پێناوی دوولەتکردنی چاک هەریەکەیان بە مەبەستێکەوە ، پێیان وایە ئەم چەواشەکاریانەیان بۆ دەچێتەسەر، ئەوا بەهەڵەدا چوون .

ئەگەر ئەمڕۆ هەریەک لە ( kurdistanpost _ kurdistannet _ kurdistanan ) کەوتونەتە دژایەتی کردنی بەرەی چاکسازی ناو چاک و ڕێگری لەبەردەم کارەکانمان دادەنێن بە بڵاونەکردنەوەی نەک بابەتەکانی ناوەند بەڵکو هەتا نوسین و تێڕانینە شەخسیەکانیشمان و دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە ئەوە بانگەوازە بکەن کە دنیا قابیلی گۆڕان نیە و ئەو چاکسازیەی کە ئەمڕۆ خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان لە هەموو قوژبنێکەوە بانگەواز بۆ دەکەن، خەیاڵی چۆلەکانەیە و دنیا چۆن هاتوە هەر واش دەڕوات ، چاکسازیەکەی ناو ناوەندی هەڵەبجەش جگە لە خەیاڵ پڵاوی تینویەکی ناو بیابانێکی کاکی بەکاکی زیاتر شتێکی دی نیە . بێمنەتین لەهەڵگرتنی سوژن و پەت بۆ دورینەوەی دەممان و موقاتەعەکردنمان تا نەهێڵن دەنگمان بگاتە هیچ گوێچکەیەکەوە . خۆشبەختانە تا ئەوانەی کونێکمان لێدەگرن دەیان دەروازەی تر

دەكرێتەوە . ئەگەر چی ماڵپەڕە كوردیەكانی تر ( بروسك ــ بۆ پێشەوە ــ كلاورۆژنە ــ دەنگەكان ــ ئەمڕۆ ........ و هتد ) و هەر ماڵپەڕێكی تر كە بەئەركی ڕۆژنامەوانی خۆیان هەڵدەستن، جێگەی ڕێزو پێزانین ئێمەن كە دەنگمان دەگەیەنن بە دەرەوە . ناردنی دەیان ئیمایل بۆمان،لەلایەن ئەو كەسانەی كە چارەنوسی چاكیان لامەبەستە و داوامان لێدەكەن بۆ لە ماڵپەڕەكانی ناوبراو لەسەرەوە بلاوتان نەكردۆتەوە ؟ ئێمە بێ وەلامیمان هەڵبژاردوە و چاوەڕێ دەكەین كوردستان پۆست خۆی نەكاتە تەرەف لەم كێشەیەدا .

گەیشتنی دەیان ئیمایلش نیشانەی ئەوەیە، كە خەڵك خوازیاری چاكسازیە . ئەگەرچی بۆ ماوەیەك دەمكوت بكرێن ، بەلام تاسەر نابێت و سەری دنیاش بە پوش نەگیراوە .

كاك ڕەفعەت بۆ جارێكی تر هەوڵی چەوشەكردنێكی تر داوە، بەلام لەمەشیاندا هەر وەخۆی لەدوای ڕاپۆرتی لێكۆڵینەوە، پێی وتم پێم بڵێ محققێكی فاشل ، فاشل بوە . دەبو سەیری كات و ڕۆژی پێنیارەكەی هاوڕێ هادی باباشێخ و وەلامی ڕەزامەندیەكەی منی بكردایە، كە دەمودەست ڕازی بووم ( نامەی 2007/6/8)

7 ـ ئێستاش من وەكو رفعت هەڵەبجەیی ئەم ڕوونكردنەوەیە دەدەم ئەویش بۆ ئەوەی كە جەماوەر لە كوردستاندا لەلایەن ئەو دوو حیزبە گەندەڵەوە چەواشە كراوە ئیرادەی سەلب كراوە با ئێمەش لێرەوە چەواشەی نەكەین وئەوەندەی تر باریان گران نەكەین. هەروەكو ڕۆیشتوون جیابوونەوەتان هەڵبژاردووە ئێمە ڕێگر نەبووین لەبەردەم كاروو چالاكیەكانتانا با لەجیاتی ئەوەی كە بەیەكترەوە خەریك بین چالاكی بكەین بەڕێزان هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازم لەكارو چالاكیەكانتانا.هیوادارم توانیبێتم ڕوونكردنەوەیەكم گەیاندبێت بە جەماوەری خێرلەخۆ نەدیوو ستەمدیدە.

كاك ڕەفعەت لێرەدا ووشەی گەندەڵی بەكار هێناوە، ئەگەر خۆی بیری چوەتەوە پشتیوانی لە گەندەڵی كردوە، كاسێتی لێكۆڵینەوەكەماوە و خۆشبەختانە ئەو تەنها یاساناس و دادوەر و لێكۆڵەرەوە نیە لە ناو كوردا، بەڵكو دەیان كەسی شارەزای دەرچوی زانكۆ جیهانیەكانمان هەیە . هیوادارم ئەو ئەركە لە ئەستۆ بگرن و توشبوان بە ئایدزی گەندەڵی ناو ناوەندی هەڵەبجە ئاشكرا بكەن .

ئاخۆ كاك ڕەفعەت مەبەستی چی بێت ئەوەندە جیابونەوەی پێخۆشە ؟ .

ئاخۆ بەرژەوەندیشی لەو جیابونەوەیەدا چی بێت كە دەڵێت هەروەكو ڕۆیشتوون جیابوونەوەتان هەڵبژاردووە . ؟

تۆ بڵێت لەئەنجامی جیابونەوەدا، شتێكی مسۆگەر كردبێت ؟ .

یان وەلامەكانی ئێمە ، بە تەهدید وسوكایەتی پێكردن بدەتە قەڵەم و بە سكالاكردنێكی یاسای شتێكی مسۆگەر كردبێت ؟

هیوادارم كاك ڕەفعەت وەلامی بۆ هەمو پرسیارەكانم و قسەكانم هەبێت. بەلام كەسمان ئەنجامەكان بەكارنەهێنین بۆ بەرژەوەندی شەخسی .ا

بۆ جارێكی دی داواكارم لە مامۆستایانی بەڕێز و خوشك و برایانی ڕۆشنبیر و دڵسۆزان ، هەوڵ وكۆششی خۆیان بخەنەگەڕ با ئاواتی دەسەلاتی گەندەڵی كوردستان لەبار بەرین و چاك بە چاكی و پاكی و خۆبەخشی و یەكپارچەیەوە بهێڵینەوە .